# وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ

## ئەو کێشەیەی هەموو ساڵ دووبارە دەبێتەوە

بۆ ئەوەی سیستەم و پرۆگرامەکانی خوێندن لە خزمەتی قوتابیدا بێت، پێویستە هەردوو وەزارەتی (پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی) گوێبیستی خواست و ویستەکانی قوتابیان بن، کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرکی پاڵپشتی و ڕێکخستن و گەیاندنی ئەو خواستانەیان لەئەستۆدایە، جێی داخیشە دووبارە بوونەوەی کێشەو گرفتەکان لەگەڵ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خوێندن زیان بەپرۆسەیەکی گرنگ دەگەیەنێت، ئەویش پرۆسەی چاکسازی و پەرەپێدانی تواناکانی توێژێکی گرنگی ناو کۆمەڵگایە. گەنج ئەو توێژەی کە ڕۆڵی ئەکتیڤ لە پێشکەوتنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەبینێت و خاوەنی هەستێکی بەرزی نەتەوەیی و نیشتمانییە، ئەرکی سەرشانی هەموو پارتە سیاسی و ڕێکخراوەکان و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمە پارێزگاری لەو هەستە بەرزەی ئینتمای گەنج بکەن، ئەمەش کاروکردەوەی دەوێت بەو پێیەی قوتابیان زۆرترین ڕێژەی ئەم پێکهاتەیە لەخۆ دەگرێت هەربۆیە دەربازکردنی قوتابیان لەگێژاوی کێشەو گرفتەکان دەیباتە قۆناغێکی پێشکەوتووتری ئینتماوە.





## بازنەی وەرگرتنی قوتابیان لەزانكۆو پەیمانگاكانی كوردستان

سەبارەت بەكێشەو گرفتەكانی بەردەم قوتابیان عیرفان عەزیز سكرتێری یەكێتیی قوتابیانی كوردستان پێی وایە گەنج داینەمۆی پێشكەوتنی هەرێمی كوردستانەو رۆڵی گرنگی لەناو هەموو ئۆرگانەكان هەیە، لە قۆناغە سەختە مێژووییەكانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی كوردستان تاوەكو ئەم قۆناغەی قوربانییەكی زۆری داوەو لەمەسەلە نەتەوەییەكان دانەبڕاوەو بەبەردەوام هێزی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لەگەشەی بەردەوامدا بووە. هەربۆیە سكرتێری یەكێتیی قوتابیانی كوردستان گوتی:( قوتابیان كە پێگەیەكی گرنگی توێژی گەنجان دەبێت بواری زیاتریان لەپرۆسەی سیاسی و حوكمڕانیەكاندا پێ بدرێت و چارەسەركردنی گرفت و كێشەكانی پەروەردەو خوێندن لەریزبەندی پێشەوەی كارەكانی حكومەت بێت، چونكە گەنجی ئەمڕۆ خەون بەدەوڵەتی كوردییەوە دەبینێت و خاك و نیشتمان لەسەروو هەموو بەرژەوەندییە حزبیەكانەوە دادەنێت، گەنج ئەمڕۆ ئاگادارە لەوەی سەرۆك وەزیرانی عێراق دژایەتی جێبەجێكردنی گەڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەكان دەكات بۆ سەر هەرێمی كوردستان، تەنانەت لەو راستییە ئاگادارە كە خۆشگوزەرانی و بەرەوپێشچوونی ئەم هەرێمە هێڵێكی سوورە لە بەغدا، هەر بۆیە نابێت لەسەر حسابی بەرژەوەندییە باڵاكان قوتابیان بخرێنە ناو گێژاوی گرفت و كێشەی لابەلاوە. ئەمساڵ هەریەك لە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا گوێبیستی رێكخراوەكانی پەیوەندار بەتوێژی قوتابیان بووە، لەكاتێكدا وەزارەتی خوێندنی باڵا لەكابینەی پێشوودا هیچ پێشوازی و گوێبیستێكی ئەم رێكخراوانە نەبوو، لە كابینەی پێشوودا تەنیا ٢ جار لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا دانیشتین و بێ ئەنجام بوو تەنانەت بەپیر هیچ داواكارییەكی ئێمەوە نەهات، ئەمساڵ چەند گرفتێكی كەم ماوەو ئەویش بەڵێنی جێبەجێكردنیان داوە. گەرچی وەرنەگرتنی سەرجەم قوتابیان لەزانكۆو پەیمانگاكان كێشەیەكە پێویستە چارەسەر بكرێت، چونكە ٦٠٠٠ قوتابی كە لەدوو ساڵی رابردوو بەناهەقی لەزانكۆو پەیمانگاكان وەرنەگیران لەگەڵ ٧٠٠٠ قوتابی ئەمساڵ كە رەنگە وەرنەگیرێن، واتا ئەمساڵ پێشبینی دەكرێت ١٣٠٠٠ قوتابی كە لەسێ ساڵی رابردوو لەزانكۆو پەیمانگاكان وەرنەگیراون لەدەرەوەی بازنەی وەرگرتن بمێننەوە . لەبەرامبەردا وەزیری خوێندنی باڵا بەڵێنی پێداوین بازنەی وەرگرتنی قوتابیان فراوانتر بكات . لەرووی پەروەردەشەوە گرفتی دوو سێ دەوامیمان لە قوتابخانەكاندا هەیە، لەمبارەیەشەوە وەزیری پەروەردە بڕیاری داوە لەساڵی داهاتوودا سێ دەوام لەهەموو قوتابخانەكانی كوردستان نەمێنێت. بەڵام كێشەی سیستەمی پەروەردە هەر ماوە، ئێستا پشكی سەرەكی بوودجە بۆ پەروەردە دانراوە، بەڵام هەنگاوەكان بەپێی پێویست نین، هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا دوور لە رێكخراوەكانی قوتابیان سەركەوتوو نابن، چونكە رێكخراوە پەیوەندارەكان نوێنەرانی قوتابیانن . ساڵی رابردوو ٣٨ خۆپیشاندانمان لەسەر كێشەكانی قوتابیان بۆ بەردەم وەزارەتی پەروەردەو ٣٦ خۆپیشاندانیش بۆ بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا كرد، بەهیچ شێوەیەكیش ئەم خۆپیشاندانانە ناكرێت بگوترێت كە مۆركی حزبایەتیان پێوە بوو، چونكە داواكارییەكانمان بۆ سەرجەم قوتابیان بوو، ئێمە بەرگری لەمافی قوتابیان دەكەین لەچوارچێوەی پرەنسیبی زانستی، بەهیچ شێوەیەكیش بەمیزاج و بەمەبەستی حزبایەتی خۆپیشاندانمان لەدژی هیچ وەزیرو وەزارەتێك ئەنجام نەداوە.


## زانكۆكانی كوردستان و خواستی رەوای قوتابیان

هەر سەبارەت بە گرنگترین ئەو كێشانەی كە قوتابیان لەم ساڵدا رووبەرووی دەبنەوە، بورهان موزەفەر سكرتێری رێكخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی كوردستان وتی:( گرفتەكانی نەبوونی جێگاو وەرنەگرتنی قوتابیان لەزانكۆو پەیمانگاكان و مەسەلەی دامەزراندنی دەرچووان لەدامودەزگای حكومی و دۆزینەوەی هەلی كار بۆ دەرچووان لەكەرتی تایبەتدا لەگرنگترین ئەو كێشەو گرفتانەن كە هەموو ساڵێك دووبارە دەبنەوەو رووبەرووی پرۆسەی پەروەردەو خوێندن دەبێتەوە، كە پێویستە حكومەتی هەرێم بەپلانێكی ستراتیژی چارەسەری جیدی بۆ بدۆزێتەوە، ئەمساڵ زیاتر لە ٦٠ هەزار قوتابی دەرچووە و پێویستە لەلایەن زانكۆكانی هەرێمەوە وەربگیرێن، لەلایەكی دیكەوە مەسەلەی دامەزراندنیش بۆتە گرفتێكی دیكەی قوتابیانێك كە ١٦ ساڵ خوێندوویانە، لەلایەكی دیكەشەوە زانكۆكانی كوردستان توانایان نییە قوتابیان بەپێی پێداویستیەكانی بازاڕو پێشكەوتنەكان ئاستی مەعریفی و زانستی و پیشەییان بەرز بكەنەوە بۆ ئەوەی لەبازاڕی كاردا پشت بەخۆیان ببەستن یا كار بدۆزنەوە، كاتی ئەوە هاتووە خوێندنگەو كۆلێژو زانكۆی پیشەیی




سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بۆ(گوڵان):

## ١٣٠٠٠ قوتابی لەدەرەوەی بازنەی وەرگرتنی زانکۆو پەیمانگاکان دەمێننەوە




سکرتێری ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان بۆ(گوڵان):

## کاتی ئەوە هاتووە خوێندنگەو زانکۆی پیشەیی لە هەرێمدا بکرێتەوە



سکرتێری یەکێتیی قوتابیان و لاوانی کلدو ئاشووری بۆ (گوڵان):

## دەرفەتەکانی هەلی کارکردن لەدوای دەرچوونی قوتابیان لەبوارە جیاجیاکاندا وەکو یەک نییە



چالاکوانی بواری قوتابیان بۆ (گوڵان):

## دەکرێت نوێنەری فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی قوتابیان لە وەزارەتە پەیوەندارەکان هەبێت

بکرێتەوە کە تەوافوقی لەگەڵ بازاڕدا هەبێت و بتوانێت کۆمەڵێك کادیر پێبگەیەنێت کە پشت بەخۆیان ببەستن . بێکاری یەکێکە لەو گرفتانەی کە وا دەکات ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانی کەم بێتەوەو ئومێدی قوتابیان و گەنج بەدوارۆژ ناهێڵێت و گەنج وا لێدەکات لەوڵات و هەرێمی خۆیدا هەست بە نامۆیی بکات، هەربۆیە ئەرکی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمە چارەسەری پێویست بۆ هەردوو کێشەی وەرگرتنی قوتابیان لەزانکۆو پەیمانگاکان و دۆزینەوەی هەلی کار بدۆزنەوە. ئەمەو بوونی گەندەڵی و ناشەفافییەت و نادادپەروەری کە لەهەرێمی کوردستان هەیەو لەلایەکی دیکەشەوە بێکاریی بوونی هەیەو حزبە سیاسییەکانیش بەدەم چارەسەری ئەم پرسەوە نەهاتوون و نەتوانراوە چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش نەیانتوانیوە ئەم هەستە نەتەوەیی و نیشتمانییە بەهێز بکەن، ئەمەش هەمووی پێویستی بەدامودەزگای نیشتمانی و بە دامەزراوەیکردنی دامودەزگاکانی حکومی هەیە. جێگای داخیشە لایەنە سیاسییەکان و حکومەتی هەرێمیش بەپێی پێویست کاری بۆ قووڵکردنەوەی ئینتمای نیشتمانی نەکردووە).

### ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و داواکارییەکانی قوتابیان

ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی قوتابییانە خواست و داواکارییەکانیان بۆ لایەنی پەیوەندار بەرز بکەنەوەو لە ڕێگای گرووپی فشارەوە زۆرترین دەستکەوت بۆ توێژەکانیان بەدەست بهێنن لەمبارەیەوە کلدۆ رمزی ئوغنا سکرتێری یەکێتی قوتابیان و لاوانی کلدو ئاشووری وتی:( وەکو ڕێکخراوەکانی قوتابیان لەکوردستان لەچەند ساڵی رابردوودا توانرا زۆر لەو کێشەو گرفتانە دیاری بکرێت کە ڕووبەڕووی قوتابیان لەپرۆسەی پەروەردەو خوێندن بوونەتەوە، ئەوە بوو بەهاوکاری حکومەت زۆر لەو گرفتانە بەرەو چارەسەر کردن رۆیشتن، لەوانە داواکاریی کردنەوەی خولی سێیەم بۆ قوتابیان هەر وەکو چۆن لەناوەندی کاری پێ دەکەن لەهەرێمی کوردستانیش قوتابیان بێ بەش نەبن لەو دەرفەتەو هەلی دەرچوون زیاتر بکرێت، لە لایەکی دیکەوە دەبینرێت قوتابیانی کۆمەڵایەتی کەمبوونەتەوە، چونکە دەرفەتەکانی هەلی کارکردن لەدوای دەرچوونی قوتابیان لەبوارە جیاجیاکاندا وەکو یەك نییەو کاریگەری لەسەر سیستمی خوێندنیش هەیە، هەر بۆیە ئێستا کار دەکرێت بۆ پاراستنی ئەو



بوارانەو گرنگی پێدانیان، کە ئەمە پێویستی بەبەرنامەو کاری هاوبەش لەنێوان سەرجەم وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم هەیە، هەروەها مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ پەیوەندیی نێوان مامۆستاو قوتابییە کە لەم دواییەدا گرفت و کێشە هەبوو جێگای نیگەرانی هەموو لایەك بوو، هەربۆیە شێوازی پەروەردەیی پێویستی بەدووبارە چاو پێخشاندنەوە هەیە تاوەکو پەیوەندیی نێوان مامۆستاو قوتابی رێکبخرێت بەشێوەیەك لایەنی پەروەردەیی پێش خوێندن رەچاو کرابێت، واقیعەکە بەرەو پەرەپێدان بچێت و تەنیا گرنگی بەپرۆسەی خوێندن نەدرێت بەڵکو پەروەردەو خوێندن هاوشانی یەکدی بەرەو پێشەوە ببرێت. هەموو رێکخراوەکانی قوتابیان کە لەکوردستان کار دەکەن یەکێك لەئامانجە گرنگەکانیان ئەوەیە ئامانجە نیشتمانییەکان لەپێشەنگی ئەو کارانەیە کە هەوڵدەدات لەناو ئەو توێژە گرنگەی قوتابیان بڵاویان بکاتەوە، لە رێگای فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی قوتابیانیشەوە توانرا روانگەی نەتەوەیی و نیشتمانی و پێکەوەژیان لەناو قوتابیاندا بچەسپێنێت، لەم پێناوەشدا هەر رێکخراوێك بەقەبارەو توانای خۆی کاریان کردووە و پەروەردەی نیشتمانی راستەقینەیان بووژاندۆتەوە، پێویستە دوور لە عەقڵییەتێکی کۆن و کلاسیك لەگەڵ قوتابیاندا مامەڵە بکرێت، عەقڵییەتێك کە هەڵگری شێوازو رێگایەکی نوێ بێت و لەگەڵ گۆرانکارییەکانی ئەمرۆی جیهاندا بگونجێت، ئەمەش پێویستی بەپرۆگرامێکی نوێ و سەردەمیانە هەیە، لەم پێناوەشدا ئەرکی ئێمەیە بەردەوام بین لەفشارو پاڵەپەستۆکانمان تاوەکو بتوانین زیاتر دەنگی قوتابیان بگەیەنینە لایەنی دەسەڵات و لە بریارو بەرنامەکاندا حساب بۆ ویست و داواکارییەکانیان بکرێت). هەر سەبارەت بە ئەرکەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەتایبەت لەبواری وەرگرتنی قوتابیان، جەلال هۆرۆنی چالاکوانی بواری قوتابیان وتی: (کرانەوەی کۆمەڵگای کوردستانی بەرووی جیهانی پێشکەوتووی دەرەوە بارودۆخێکی وای دروستکردووە خواست و داواکاری قوتابیان و رێکخراوەکانیشی بەرز کردۆتەوە، ئەمرۆ خواست و داواکاری رێکخراوەکانی قوتابیان لە کردنەوەی خول و تەنیا کۆکردنەوەی ئەندام تێپەری کردووە). سەبارەت بەپەیوەندیی نێوان رێکخراوەکانی قوتابیان و وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتیش ئەم چالاکوانەی بواری قوتابیان وتی:( ئەمساڵ لایەنێکی ئیجابی باش هەبوو کە هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا بەدەنگ داواکاری قوتابیان و رێکخراوەکانیانەوە هاتن، لەکاتێکدا لەساڵانی رابردوودا لەم بارەیەوە بەتایبەتی لەرووی وەرگرتنی قوتابیان لەزانکۆکانی کوردستان کێشەی زۆر هەبوو، ئەرکی پێشەیی رێکخراوەکانی قوتابیان ئەوەیە کە بەدەنگ داواکاری قوتابیانەوە بێن و دواتر ئەم داواکاری و خواستە بۆ دەسەڵات بەرز بکەنەوە، دەکرێت لە هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا نوێنەری فیدراسیۆنی رێکخراوەکان هەبێت بۆ ئەوەی دانانی پلان و بەرنامە رەچاوی ویست و خواستی قوتابیانیشی تێدا بێت. لەلایەکی دیکەوە دەکرێت پرۆگرامەکانی خوێندن بەپێی هەلومەرجەکەو واقیعەکەی ئەمرۆ گۆرانکاری تێدا بکرێت و لەگەڵ واقیعی نەتەوەیی و کێشەکەماندا بگونجێت و دوور بێت لەململانێی ئایدیۆلۆژی و حزبایەتییەوە چونکە کورد کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە نەك ئایدیۆلۆژی و مەزهەبی و حزبی، هەربۆیە پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندنیش رەچاوی ئەمەی تێدا بکرێت).